ئەنجومەنی وەزیران 11ی تشرینی دووەمی 2025 وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دیاری دەکات

لەکەبونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە درێژکراوەی کەبونەوەکەی دوێنێ بو، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیاریکرد کە بەپێی وادەکە 11ی (تشرینی دووەم/11)ی ئەمساڵ پرسەکە ئەنجامدەدرێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران، ئەمڕۆ چوارشەممە ئەنجومەنی وەزیران دانیشتنێکی بە سەرۆکایەتی محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران ئەنجامدا، بە تەواوکردنی کار و بڕیارەکانی دوێنێی ئەنجومەنەکە.
لەکەبونەوەکەی ئەمڕۆدا دەنگدرا لەسەر دیاریکردنی 11ی (تشرینی دووەم/11)ی 2025 وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

لەکەبونەوەکەی دوێنێدا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا ژمارەیەك بڕیاری دەرکرد، یەکێك لە بڕیارەکانیش جێبەجێکردنی خواست و داواکاریەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بو.